www.kurdistannet.org

# بیرەوەرییەکانی سەدام و تاریق عەزیز و خۆزگەیەك

هاوبیر – پاریس – 09.07.2003

ئەوەی لە مێژووی بەعس و دامودەزگاکانی ئاشکرابووە ، سەدام لە 1964 وە سەرپەرشتی ناراستەوخۆ و راستەوخۆی هەموو دەزگا سیخوڕی و ئاساییشەکانی بەعسی لە عێراقدا کردووە . بەعس خاوەنی زیاتر لە 1,5 ملیۆن ئەندام بووە . لە 2 ـ 4 ملیۆن خەڵکیشەوە رۆژانە هەموو زانیارییەك بە دەزگا پێویستەکانی بەعس گەیشتووە . موخابەرات 40000 چل هەزار و ئەمنی عام 8000 هەشت هەزار ئەندامی هەبووە و ژیانی رۆژانەی خەڵکیان کۆنترۆڵ کردووە . موخابەرات ـ موخابەراتی عەسکەری ـ موخابەراتی فرع 14 ـ ئەمن ـ ئەمنی عام ـ ئەمنی خاس و .... هەتا دوایی ناو و ناونیشانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بوون . بەعس بۆ هەر کێشەیەك لە عێراقدا رەنگێکی بۆ فایلەکەی هەڵبژاردووە . رەنگی سەوز بۆ کورد ، رەش بۆ شیعە و سوور بۆ کۆمۆنیست . بارەگا سەرەکییەکانی بەعس لە بەغا و بەسرەو موسڵ و کەرکوك بوون . زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەر و بەرپرسەکانی ئەم دەزگایانە لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی جاران بە تایبەتی لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات و سۆڤێت مەشق پێکراون و راهێنراون . هێشتاش زۆر شت ماوە ئاشکرا بێت و بکەونە بەردەست . بۆ کەسێ بڕەك هۆشیار بووبێ بەشی هەرە زۆری ئەم نهێنییانەی لا زانراو بووە .

گێڕانەوەی چیرۆکی دەستی ئەو بەعسە و رەگوڕیشەی لە کوردستاندا و ئەو رایەڵە و پەیوەندییانەی نێوان بەعس و چەندین بەرپرس و ئەندامی بەرزی حیزبە کوردییەکان و کاریگەریی بەعس لەسەر رەوتی بزووتنەوەی گەلەکەمان لە رێگای ئەو دەستە رەشانەوە ، ئەمیش مەسەلەیەك نییە لە خەڵکی بە ئاگا شاراوە بوو بێت . سەدام زۆرجار بۆ دەرخستنی هێزی بەعس و ئامادەگی لە کوردستاندا دەیگووت ئێمە خاوەنی 70000 حەفتا هەزار ئەندامین لە کوردستاندا .

هەر یەك لە ئێمە ئەم باسانەی بەرگوێ کەوتووە { سەدام عافواتی دەردەکرد , مجامەلەیەکی عەنتیکەی سەرکردەی حیزبەکانی دەکرد !!! عەفوی نەدەکردن یان باسی دۆستایەتی دێرینی خۆیان و عەشیرەتی سەرۆکەکەی دەکرد !!!. یان وەك ( امیر المومنین ) بە تەوسەوە ئامۆژگاریی و هەمان

www.kurdistannet.org

كات هەڕەشەی بۆ دەناردن و دەیگووت بە فلأن .... بلێ ئاقڵ بێت !!! تاریق عەزیز هەتا ئەم دواییانەش هەر لە دهۆکەوە چووە بۆ تورکیا ، زووتریش شیراتۆنی بەغدا تابقێکی هی نوێنەرانی(پ دك و ی ن ك ) بووە ، کە شەڕی یەکێتی و انسار الاسلام بوو , ڕاگەیاندنی یەکێتی وای دەردەخست کەوا ئەمانە لە سەدامەوە کۆمەك وەردەگرن. تاریق عەزیز هاتە وەڵام و ووتی بە جەلال بلێن کێ چەك و تەقەمەنی دایە بۆ لێدانی ئەم جەماعەتە؟؟؟ ، لە ناکاو کارەبای ناوچە سەر سنووری‌یەکان لەگەڵ حوکەمەتدا دەکوژێتەوە و دەیان و سەدان بارە لۆری شت بۆ کوردستان دێنێ ....وە زۆری تریش و باسی دەوری تاران و شام و ئەنقەرەش ناکەم .....}.

دوای ڕاپەڕینی 1991 کۆمەڵێ بەڵگەنامە کەوتە دەست هاوبیرانی ( پاسۆك )ەوە . لە نێو ئەوانەدا فایلێکی بەرپرسێکی گەورەی ( ی ن ك ) بوو . بە ڕەحمەت بێت ( سەید ملازم کەریم ) فایلی ناوبراوی نارد بۆ نەوشیروان مستەفا ، تاکو ئاگاداری وەزعی خۆیان بن . نەوشیروان ووتبووی برا ئێوە دەڵێن چی , هی گەورەتریشمان هەیە لەگەڵ بەعسدا هاوکارن !!!؟؟؟. هەر بۆ ڕاستی و دروستی ئەوەتا لە کتێبەکەی خۆیدا ـ خولانەوە لەناو بازنەدا ـ چەند لاپەڕەیەکی بە وێنەی دۆستایەتی لەگەڵ بەعسدا بەیان دەکات .

وەختێ خاتوو لیزا شمیت نووسەر و ڕۆژنامەوان لە ناوچەی سلێمانی بە دەستی ناحەزانی کورد شەهید کرا ، قاتیلە تاوانبارەکان لە تەحقیقدا ووتیان ئێمە ئەم کارەمان بەهاوکاری مەسئولی گەورەی یەکێتی کردووە . ئەوە بووTV پارتی هەموو کاسێتی تەحقیقەکەی لێدا . هەرچەند بڕیاربووە لە نێوان کۆمیتەی ئاسایشی هەردوو لادا کە نە پارتی نە یەکێتی هەموو کاسێتەکە لێنەدەن .

دوای ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق حیزبەکان چوونە کەرکوك و موسڵەوە و یەکسەر پەلاماری بارەگاکانی بەعس و بانکەکانیان داوە , هەموو ئەو بەڵگەنامە و فایلانەی بەعس و پیاوانی بەعس و مەسولە گەورەکان دیزە بە دەر خۆنەکران !!! بۆئەوەی زۆر شت و ناوی خەڵك ئاشکرا نەبێت . – ئەو خەیاڵ خاوانە نازانن ( نسخە منە الی ) لەمێژە نێردراوە بۆ بەغدا و ئێستا وا بەدەست مارێنیزەوە و ڕایان گەیاندووە ئاشکرای دەکەن – .. دوای ڕوخانی شای گۆڕبەگۆڕیش بەڵگەنامەیەکی زۆر کەوتە دەست خەڵك و بوون بە زنجیرە کتێبێك بەناوی ( اسناد لانە جاسوسی ) , سیخوڕان تێیدا ئاشکرا بوون و چوونە زبڵدانی مێژووەوە.

شێخ جەعفەری تاوانبار و چەندینی دیکەی سیخوڕ و ئەنفالچی سەری خۆیان لای حیزبەکان زوو قەبڵاند و هیچ لایەك لە گوڵ کاڵتری پێ نەووت !!! تومەز شێخ چۆپیش شت لەسەر ئەوان دەزانێ و دەیدرکێنێ !!!. بەڵام کە کار گەیشتە ئەوەی میللەت دەعوای لەسەر تۆمارکرد !!! ئیتر شێخ بە

www.kurdistannet.org

قودرەتی قادر بەرەو سوریا ـ ئێران!!! بە باڵی سیمرخ هەڵاتووە و ئەو دوو حوکمەتە و دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و زانیاری هەستیان پێ نەکرد ؟؟؟!!! .

بە باوەری من بەعس لە مەسەلەی کورد بەو حیزبانەوە کە نوێنەرایەتیان کردووە ، هەرگیز نەترساوە و وەکوو کورد حسابی هیچی بۆ نەکردووین . چونکە وەك دەڵێن سەدام لەو سەری مەسەلەکانەوە دەهاتەوە و دەیزانی دەستی بە کوێی رەشمەکەوەیە!!!. ئینجا لەبەر ئەمەبوو هەندێ جار دەیگووت : ئەگەر ئەوانە خێریان تێدایە با یەککگرن و ئینجا بێن بۆ لام . ئۆجەلان لە یەکێ لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ : لە سوریا پییان ووتین ئەگەر ئێوە بچنە ژێر کۆنترۆڵی جەلال تاڵەبانی و بچنە سەر سکەی یەکێتی ، ئەوا ئێمە هیچی دیکەمان لێتان ناوێ !!!. سەدام بە هانای پارتییەوە هات بۆراگرتنی تای تەرازووی لاسەنگ و درێژەدان بە میکانیزمی شەڕی براکوژی .

میللەت لە 1991 دا راپەری و بەعسی دەرپەراند ئەگەرنا ئەمان رانەدەپەرین !!! وە هەتا ئەم دوایەش دەگریان بۆ سەدام و بەعس و دامودەزگاکانی و دەیانووت خۆیان یەکلایەنی کشاونەتەوە!!!.

6 ی کانوونی دووەم یادی دامەزراندنی سوپای دڕندەی عێراقە ، سوپای کوردکوژ و وێرانکەری کوردستان , کەچی بە ئاشکرا و بەبەرچاوی هەموو میللەتەوە , لای هەردوو حکومەتەکە جەژنی نیشتیمانی و پشووی رەسمی بوو . بەڵام 5 یا 7 ی ئازار رۆژی راپەرین رۆژێکی عادی بوو . لە راگەیاندنی هەردوو لادا نەدەبوو ناوی سەدام بەهیچ کلۆجێك بە خراپە بێت !!! .

ئەم مەسئول و سەرکردانە میوانی خۆشەویستی پایتەختی هەر چوار دەوڵەتە داگیرکەرەکەی کوردستان بوون . کوردێکی ناحیزبی و دوور لە سیاسەت زاتی ئەوە ناکات بە بێ موشکیلە بتوانێ لە شامەوە بچێ بۆ ئەنقەرە یان لە تارانەوە بچێ بۆ بەغدا ، بەڵام سەرکردەکانی حیزبە کوردییەکان لە یەك سەعاتدا هەرچوار پایتەختەکە دەکەن . بۆ هەر چواریشیان وشە و رستەی رازاوە و ئیجابی دەرازێننەوە . بە رانبەر بە رەئی هەرچواریشیان زۆر موتەفائیلن . دە چاوێك بە بیرەوەرییەکانی حەمەی فەرەج و رەفیق پشدەری و نەوشیروان و کێ و کێی تردا بگێرن ، ئینجا دەزانن کێ شۆرشی بۆ چێ کردووین و بۆ هەر سەرناکەوین و ناگەین بە ئامانج . رەفیق پشدەری لە قەندیلەوە بروسکە بۆ مەنزومەی شیمالی لە کەرکوك دەکات و داوای پارە و چەك لە بەعس بۆ عومەر دەبابە و جەماعەت دەکات و ئەوانیش شۆرشی عێراقی هەڵگیرساو لە چیاکانی کوردستانەوە بەرپا دەکەن . حەمەی فەرەج دەڵێ ساڵی 1976 چووم بۆ بەغدا و عومەر دەبابەم دی و دەڵێ کاك عومەر پێی ووتووم دەچم بۆ بەیرووت مام جەلال دێنمەوە بۆ شۆرش کردن . عومەر دەبابە وەك هەزارانی دیکەی ناوبراو

www.kurdistannet.org

به ( عائدون ) , چۆن توانیویەتی بەبێ پرس و ئاگاداری بەعس سەفەر بکات !!!؟؟؟. سەرکردەی یەکێ لەو حیزبانە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ گۆڤاری وطن العربي دا دەڵێ : پێش کودەتای بەعس سەدامم لە شەقامی سەعدون بینی و ئاگاداری کردم کەوا بە نیازن ئینقلاب بکەن . قسەوباس لەسەر بیرەوەرییەکانی حەردان تکریتی و کۆبوونەوەکانی کوێتی نێوان ئەو سەرانە و بەعس , مێژوو ماویەتی بە ووردی باسیان لێوە بکات . مام هەژاری رەحەمەتی کاتی خۆی هاوار و دادی بوو کەسێکی دەست بکەوێ بە دزی داگیرکەرانە کوردستانەوە نامەیەکی هەیە بۆی بەرن بۆ کۆنگرەی وارشۆ . بەڵام ئێستا دکتۆر و پرۆفیسۆر و شاعیر و ئەکادیمی و ئامر مەفرەزەکانی ئەو حیزبانە لەسەر نەسرییەی داگیرکەران یە تارانەوە بۆ برۆکسل ، لە شامەوە بۆ لەندەن بێ هەڵامەت سەفەر دەکەن بۆ بەشداری لە ( کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ) دا و لەسەریشەوە دەست لە کرێکار و ئەموئەوی کورد پان دەکەنەوە بۆ پارە و بە بەرچاوی دوژمنانی کوردەوە خۆ دەکەنەوە بە کوردستاندا !!!.

بەڕێزان .... ببورن زۆرم درێژە دایە ، ئێستا دەمەوێ بێمە سەر کاکڵی مەبەست . سەدام و تاریق هەر لە سەرەتای بەعس و دەسەڵاتەکەیانەوە نەك هەر ئاگاداری مەسەلەی کوردن و بەس بەڵکو مەسئولی فایلی کورد بوون لە عێراقدا . زۆر باش و بە ووردی ئاگایان لە هەموو کەینوبەینەکانی نێوان خۆیان و کورد هەیە . هەموو جارێك لە بەناو موفاوەزاتەکانی حیزبە کوردیەکان و خۆیاندا ئەمانە نوێنەری بەعس بوون . ئێستا هەموو لە چارەنووسی رەشیان ئاگادارین . من لەوە زۆر دڵنیام کەوا هیچ شتێ لە مێژوو وون نابێت . چەند فایل دیار نەمێنێ و شت بە درۆ بۆ خەڵك هەڵبەسترێ و ووتاری چەواشەکارانە بڵاوبکرێتەوە , لەبەر ئەوە هەموو ئەو ( لعبە ) انەی سەرکردەی حیزبەکان و مەسئولەکان کردوویانە هیچی وون نابێ .

باوەڕم وایە سەدام و تاریق بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە . هەرچەند نازانم مامە ئینگلیز چەند رێگە بە تاریق عەزیز دەدات هەموو شتێ بڵێ !!!. وە سەدامیش جارێ خۆی حەشار داوە . ئاواتەخوازم ئەو فەسڵەی عەلاقەی بە مەسەلەی کورد و خۆفرۆشیی سەرۆك و مەسئولینی حیزبە کوردییەکانەوە هەیە وەك خۆی بۆمان بنووسنەوە !!!!.